گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.29 Issue Con2. 2025
ID No. 3539 (PP 205-221)
https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con2.14

توێژینەوە

# هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچەی منداڵان و رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵان لە روانگەی مامۆستایانەوە

**نزیره صالح محمد /** بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی هەرێمی کوردستان- عێراق

**دیمەن حمه علي سعيد/** سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بەپێی پلەبەندیان و گرنگی تایبەتمەندییەکانی جەستەیی ، زمانی ، مەعریفي ، هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی، رەوشتی، هەروەها زانیی تایبەتمەندییەکان بەپێی بە برگەکانی و پلەبەندییان. توێژەران میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە بەمەەستی هێنادی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، هەروەها زانیاریەکان لە رێگەی دابەشکردنی راپرسي رەچاوکردنی پرۆگرامی باخچە کە لە (30) برگە پێکهاتبوو، شەش بواری گەشەی منداڵی باخچەی لەخۆگرتبوو لەتوێژینەوەی ئەلقورەیشي (2022) وەرگیراوە، توێژەران بۆ دڵنیابوون لە راست و دروستی راپرسیەکە راستگۆیی و جێگریان بۆ دەرهێنایەوە، راستگۆیی وەرگێران و رێکەوتنی ناوەکیان ئەنجامدا بەڵگەداربوون، هەروەها جێگیری بە رێگای هاوکۆلکەی کرۆنباخ ئەلفا و دابەشبوونی نیوەیی لە ئاستی پەسندا بوون، بەشێوەی نمونەی هەرەمەکی بەسەر 170 مامۆستای باخچە لە (10) باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی دابەشبوون، لە دیارترین ئەنجامەکان بریتیبوون لەوەی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ بەگشتی لەئاستی زۆر گەورەدایە، هەروەها رەچاوکردنی تایەبتمەندیەکان بەپێی پلەبەندی تایبەتمەندی رەوشتی بە پلەی یەکەم دێت، پاشان تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، دواتر تایبەتمەندی جەستەیی، پاشتر تایبەتمەندی زمانی، دوای ئەویش تایبەتمەندی مەعریفي و لە کۆتایدا تایبەتمەندی هەڵچونی بە پلەی شەشەم دێت لە روانگەی مامۆستایانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچە لە هەرێمی کوردستانن هەورەها رەچاوکردنی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بەپێی برگەکانی تایبەتمەندییەکانی جەستەیی ، زمانی ، مەعریفي ، هەڵچوونی، کۆمەڵآیەتی، رەوشتی لەئاستی زۆر گەورەدایە، لەکۆتایدا توێژەران لەسەر بنەمای ئەنجامی توێژینەوەکە چەند راسپاردەو پێیشنیارێکیان پێشکەش کردووە.

CORRESPONDENCE
نزیره صالح محمد
nazeera.mohammed@univsul.edu.iq

وەرگرتن 2025/01/21
بڵاوکردنەوە 2025/08/20

وشە سەرەکییەکان:
پرۆگرامی باخچەی منداڵان
تایبەتمەندی گەشە
مامۆستای باخچەی منداڵان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

جیهانی ئەمرۆ ڕووبەڕووی چەندین بەربەست دەبێتەوە، کە ترس لە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ئایندەی جیهان زیاددەکات، پێویستی بەپەل دەردەخات بۆ پلاندانانی داهاتوو بۆ دڵنیابوون لە خۆپاراستن لەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی نەوەکانی داهاتوو دەبێتەوە لە ئایندەدا. (ابراهیم و مهدي 2007: 721)

قۆناغی منداڵێتی زۆر گرنگە لە ژیانی مرۆڤ، چونکە لەو ماوە یەدا تۆوی دە ستپێك و سە رە تای کە سێتییەکەی دە چێندرێت و چەکەرە دەکات و ئاراستە و مە یل و ئارەزوو و رە فتارەکانیشی هەر لەو ماوەیەدا دە ستنیشان دەکرێت، قوناغی باخچە ی مندالانیش لە باشترین ماوەکان دادە نرێت بۆ فێرکردن و بەدەستهێنانی ئەزموون لای منداڵ، بەوەش لەرێگەی کارو چالاکییە هەمەرەنگەکان، کە کاردەکەنە سەر پێکهاتەی چەمکەکانی منداڵ و تێرکردنی حەزی زانینی شتە کان (حب الاستطلاع) و فێربوونی چەندین ئاراستەی رەفتاریانە، چونکە قوناغی منداڵێتی بەقوناغێکی زێرین دادەنرێت بۆ ئەوەی منداڵ تیایدا فێری چە مکەکان و زانین و زانیارییە پەیوەستەکان بێت بە وابەستەبوون و هاونیشتیمانیبوون و گە شە پێدانی توانستەکانی لە بوارە جیاوازە کاندا (علی و امین، 2023: 131).

گرنگیدان بە باخچەی منداڵان و ئەو پرۆگرامانەی پێشکەش دەکرێن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە قۆناغێکی هەستیار و زوویی ژیانی منداڵاندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، بەو پێیەی قۆناغی گەشەکردنی هەمەلایەنەی خێرایە، کە تێیدا هێزە دەروونییەکانی منداڵان گوڵ دەکەن، و پاڵنەرە مەعریفیەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو دیارە، کاتێک هەوڵدەدەن لە هەموو شتێک نزیک ببنەوە و هەموو شتێک چارەسەر بکەن، هەستەکانیان ئەو پەنجەرەیەن کە لە ڕێگەیانەوە سەیری ژینگە دەکەن بیانگۆڕن تا بتوانن بیناسن و باشتر مامەڵەی لەگەڵ بکەن و خۆیانی لەگەڵیدا بگونجێنن. بەرژەوەندی جیهانی بۆ پەروەردەی منداڵی سەرەتایی بۆ بەردەوامی زیادی کردووە، زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێشنیاریان کردووە کە پێویستە پەروەردە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام لە ئاستی باخچەی منداڵاندا چالاک بکرێت، بە تایبەت لە ڕێگەی پرۆگرامی فەرمی لە چوارچێوەی ئەوەی کە یونسکۆ پێی دەڵێت "ئاڕاستەکردنەوەی مەنهەج بەرەو بەردەوامی" .

چەمکی پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە کۆمەڵە ئەزموون و چالاکییەکان کە لەلایەن باخچەی منداڵان و قوتابخانە لە ژێر چاودێری ئەوەوە دابین دەکرێن. بە ئامانجی بەرکەوتنێ منداڵەکان بەو ئەزموون و چالاکییانە و کارلێککردنیان لەگەڵی، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پەروەردە یان دەستکاریکردنی ڕەفتار کە دواجار دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی گەشەکردنی هەمەلایەنە و یەکگرتوو بەجۆرێک کە لەگەڵ سەلیقە و توانای هەموو کەسێکدا بگونجێت، بەو پێیەی هەریەکەیان کەسایەتییەکی ناوازە و سەربەخۆیان هەیە. کە چێژ لە شتە جیاوازەکان وەردەگرێت لەوەی کە چێژی لێ وەردەگرێت. پرۆگرامێ باخچەی منداڵانیش لە ڕێگەی ئەو چالاکیی و یارییانەی کە منداڵ ئەنجامی دەدات و ئەنجام دەدرێت، کە هەموویان کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەکەن، سەرەتا لە ڕێگەی بەکارهێنانی وردە وردە هەستەکان و بەرجەستەکراوەکان ، پاشان نیمچە بەرجەستە و لە کۆتاییدا ئەبستراکت (عدس، 2004: 96) .

باخچەیەکی منداڵان هەر ئەرکێکی هەبێت، ئەم ئەرکانە بەدینایەن تەنها ئەندازەێ ئەوەی پرۆگرامەکانی بۆ دارێژراوە، و هەروەها بە ڕادەی ئەو وزە و تواناییانەی کە لەم پرۆگرامانەدا دانراون کە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانێ ئامانج و مەبەستەکان، پەروەردەش پرۆسەیەکی بەخشین و وەرگرتنە، پرۆگرامیش ئەو دیاریانەن کە دەیدەیت بە منداڵ لەم قۆناغەدا و وەرگیراویش گەڕانەوەی ئەو بەرهەمەیە کە تاک و کۆمەڵگا دەیچنێتەوە، پرۆگرامە باخچەی منداڵان لە چەند سەرچاوەیەکەی جۆراوجۆرەوە زانیاری دادەرێژرێت، پەروەندێ هەیە بەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە کە بووەتە هۆی دروستیوونی دامەزراندنی باخچە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، بە تێروانینی هەندێکی تریش پەیوەستی دەکەن بەگرنگی قۆناغەکانی منداڵی و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی منداڵان و کۆمەڵگا، تیروانینێکێ تر دەیبەستنەوە بەوەوە کە توێژینەوە زانستییەکان پێشکەشی دەکەن سەبارەت بە ئەرک و کاریگەرییەکانی باخچەێ منداڵان. (جاد، 2010: 27 لە ابراهیم و مهدی، 2018 : 730).

باخچەی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەژیانی منداڵانداو لەهەموو دامەزراوە پەروەردەییەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چەمکی پرۆگرام لەباخچەی منداڵان مانایەکی جیاوازی هەیە لەپرۆگرامەکانی قۆناغەکانی بنەرەتی و ئامادەیی لەبەرئەوەی تەنیا پرۆگرامێک نییە کەخۆی لەکۆمەڵێک بابەتی بگرێتەوە بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک چالاکی دەوەستێت و پشتی پێدەبەستێت ئامانجی یەکەمی گەشەی توانای منداڵان و هەستەوەرەکانیەتی و تێرکردنی ئارەزوەکانی و دابینکردنی پێداویستیەکانی ودەرخستنی بەهرەو ئارەزوەکانیەتی. لەلایەکی دیکەوە لەسەرئاستی نێودەوڵەتی پرۆگرامگەلێکی فراوان پراکتیکی کراوە ئەوەی زۆرترین ناوبانگی هەیە بریتیە لەپرۆگرامی باخچیە منداڵان لە3-6 وەک ڕێبازی مۆنتیسۆری و های سکۆپ) دواتر پرۆگرامی ئیملی کە نوێترینیانە لە ئیتاڵیا،

ئەو سێ ڕێبازاه (سامیک) لەزۆرێک لە دەوڵەتان پراکتیک کراوە. هەرچی پرۆگرامی (لایچۆیمۆلی) شە ئەواو تاقیکراوەتەوە لەپلەی یەکەمدایە نمونەی ئەوپرۆگرامانەی کە بونیادنراوە لەسەردانکردنی ماڵان بریتیە لەپرۆگرامی (هبی) کەگونجا بۆپراکتیزەکردن کردن لەهەریەک لەتورکیا و باشوری ئەفریقیا و هۆڵەندا، هەروەها پرۆگرامی خزمەتگوزاری تەواو بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگەی خۆجێی (لۆکاڵی) لە(هیندستان) کەئەویش ئەچێتە خانەی ئەو پرۆژانەی کە فرە ڕەهەندن کەپشت دەبەستێ بەپرۆگرامێک کەخزمەتکراو و چالاکی چاودێری گەشەی منداڵ لەخۆدەگرێ کەچاوەروانکراوبێت و ێرای دابەشکردنی شمەکان بۆ گەورەو بچوک هەموو ئاستەکان ( الحوامدة و العدوان،2015:ص 26-38).

## کێشەی توێژینەوەکە:

هەندێک لە توێژینەوە پەروەردەییەکان جەخت لەوە دەکەن کە زۆربەی ئەوانەی شارەزاییان هەیە لە پرۆگرامە فێرکاریەکان پێویستە ڕەچاوی تایبەتمەندیەکانی گەشەی منداڵ بکەن بۆ بەدەستهێنانی سوود وەرگرتن و وەرگرتنی زانیاری و کارمەیی. پێویستە پرۆگرامی باخچەی منداڵان جەخت بکاتەوە لەسەر ئامادەکردنی منداڵێک بۆ فێربوون وە دواتر بەکارهێنانی چالاکی لەلایەن منداڵانەوە بۆ ئەوەی بیربکاتەو و زاکیرەی بەهێز بکات و کارامەیی (بینین، گوێ گرتن، هەست کردن) بەهێز بکات. (قبوس،2021: 36)

لەبەرئەوەی زۆربەی توێژینەوەکانی وەک توێژینەوەی (عبدالونیس ،2019) جەخت دەکاتەوە لەوەی کە منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا بە دانانی پرۆگرامێک دەست پێدەکات کە گرنگی بدات بەو بنەمایانەی کە گرنگی دەدات بە گەشەکردنی منداڵ، پێویستە ئەم پرۆگرامە نەرمی تێدابێت و بتوانرێت چاکبکرێت کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخی منداڵی باخچە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەنگیەک لە نێوان پرۆگرامە فێرکاریەکانی وبنەماکانی گەشەکردنی منداڵ لە باخچەی منداڵان (قرشی،2022 :3)

لە گۆشەیەکی ترەوە السلمی( 2010) ئاماژەی بەوە داوە کە پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامە فێرکاریەکان بکرێت لەبەرئەوەی بەڵگە هەیە ئاماژە بەوە دەدات کە پرۆگرامە فێرکاریەکان ڕەچاوی هەندێ لە بنەماکانی گەشە ناکەن (السلمی،2010: 42) .

لەبەرئەوەی قۆناغی باخچەی منداڵان قۆناغی دروستکردنی ژیانی تاکەکانە و کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت لەسەر هەموو تاکێک لە ژیانی ئایندەدا، بنەماکانی گەشەکردنی منداڵ ئاماژەیە بۆ کەسێتی منداڵ لەبەرئەوەی ئەو گەشەیەی تیایدا ڕوودەدات قورسە بگۆڕێت یان چاکبکرێت لە دوایدا.

لەبەرئەوەی توێژەران و مامۆستایان شارەزایی مەیدانیان هەیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە بواری پەروەردە و دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامە فێرکاریەکان بکەن بزانن تا چەند گونجاوە بۆ تایبەتمەندیەکانی گەشە لەم قۆناغەدا.

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو توێژەران لێکۆڵینەوە لە پرسی ئامادەکردنی مەنهەجی باخچەی منداڵان بکەن بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ، بۆ ئەوەی بەشداربن لەگەڵ پێشکەوتن و پێشکەوتنە سەردەمییەکان لە بواری پەروەردەدا، توێژەران هەستیان بەوە کرد کە عەرەبی جدی هەیە ڕەوتەکان بەرەو گەیشتن بەم ئامانجە، بەڵام لە ئاست ئاستی تەماحدا نەژیاون، بۆیە دەبێت توێژینەوەکان چڕبکرێنەوە و هەوڵەکان یەکبخرێن.لەم جۆرە بابەتانەدا بەمەبەستی پەرەپێدانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی پێشەنگ بگرن لە دابینکردنی پێداویستیەکانی گەشەی منداڵان لە خوێندن، کارامەیی و چەمک و ئەزموونەکان وایان لێدەکات بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بکەن.

هەروەها یەکێك لەتوێژەرران وەک کادری پەروەردەیی کە چەند ساڵێکە وەک مامۆستا دواتریش وەک بەڕێوبەری باخچەی منداڵان و ئێستاش لە بواری سەرپەرشتیکردنی باخچەکانی منداڵانی (حکومی و ناحکومی) کار دەکەین وەک ئەندامی لیژنەی باڵای پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆمان هەیە لەگەڵ باخچەکانی منداڵان و وەک دامەزراوە هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایانی ئەو باخچانە ئەمەش هاندەرمان بوو بۆ ئەوەی بیر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بکەین بۆ ئەوەی بگەینە دەرئەنجامێکی زانستی و پەروەردەیی لەسەر ئەو بابەتە.

پرسیاری سەرەکی بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە

1- ئایا ئاستی ڕاچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ بەگشتی چەندە؟

2- ئایا ئاستی ڕاچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی جەتەستەیی لای منداڵ چەندە؟

3- ئایا ئاستی ڕاچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی زمانی لای منداڵ چەندە؟

4- ئایا ئاستی ڕاچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی مەعریفي لای منداڵ چەندە؟

5- ئایا ئاستی ڕاچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی هەڵچوونی لای منداڵ چەندە؟

6- ئایا ئاستی راچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایەبتمەندی کۆمەلآیەتی لای منداڵ چەندە؟
7- ئایا ئاستی راچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایەبتمەندی رەوشتی لای منداڵ چەندە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی تیوری:

1- گرنگی توێژینەوەکە لە رووی تیوری لەوەدایە کە ئەم توێژینەوەیە لەسەر گرنگی پرۆگرامی باخچەیە و تا چەند هەموو بوارەکانی پێکاوە دەتوانێت ببێتە هۆی بنیاتانی گەشەی منداڵ بەشێوەیەکی گشتگیر و تەواو، ئەگەر هەموو لایەنەکانی پێکابێت دەتوانرێت منداڵ سوودمەندبێت و لە هەموو روویەکەوە گەشە بکات مەعریفی، هەڵچوونی کۆمەلآیەتی، رەوشتی، زمانەوانی و ئاینی).
2- زانینی کێشە و ئاستی رەزامەندی مامۆستایان یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەندانگی پرۆگرامی باخچەی منداڵان.
ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی نوێیە چونکە توێژینەوەی بەم شێوەیە نەکراوە پێشتر لە هەرێمی کوردستان بەپێی زانیاری توێژەران.
3- لە روونی تیوریەوە دەکرێت ئەم جۆرە توێژینەوەیە ببێتە هۆکار بۆ زیادبوونی سەرچاوە لە پەرتووکخانەی کوردی و ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زیاتر لە پرۆگرامی باخچەی منداڵان تا ئێستا سەرچاوەی کوردی لەسەری کەمە.

## گرنگی لە رووی کرداریەوە:

1- وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تا زیاتر دەربارەی گرنگی پرۆگرامی باخچەی منداڵان و گرنگی بۆ بنیاتانی کەسێتی منداڵ و گەشەی گشتگیری تەواو سودمەندەبێت.
2- مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەشێوەیەکی زانستیانە دەزانن پرۆگرامی باخچە لە چ ئاستێکدایە.
4- دایبابی منداڵان زیاتر لە تایبەتمەندیەکانی گەشەی منداڵ و پێداویستیەکانی و گرنگی پرۆگرام و باخچەی منداڵان بزانن.
5- بابەتێکی نوێ بەزمانی کوردی بۆ کتێبخانە لە بواری باخچەی منداڵان زیادەبێت.

## 3. ئامانجی توێژینەوەکە

لە روانگەی کێشەی توێژینەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ بەگشتی چەندە؟
2- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرئۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی جەستەیی لای منداڵ چەندە؟
3- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایەبتمەندی زمانی لای منداڵ چەندە؟
4- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایەبتمەندی مەعریفي لای منداڵ چەندە؟
5- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایەبتمەندی هەڵچوونی لای منداڵ چەندە؟
6- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایەبتمەندی کۆمەلآیەتی لای منداڵ چەندە؟
7- زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایەبتمەندی رەوشتی لای منداڵ چەندە؟

## 4. سنوری توێژینەوەکە

بریتییە لە گشت مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە لە سنوری پەروەردەی گشتی شاری سلێمانی لە پەروەردەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا (حکومی و ناحکومی) بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023).

## 5. زاروەکانی توێژینەوەکە

### هەڵسەنگاندن

السامرائی (2001) پێناسەێ هەڵسەنگاندن دەکات بەوەی:

"کارێکی بەردەوامە ئامانجی دەرخستنی لایەنە بەهێزەکان و لاوازەکانە لە روانگەی ئامانجی پەروەردەیی بە مەبەستی باشترکردنی پرۆگرام و بەرەوپێش بردی" (السامرائي، 2001 :75 ).

هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، بە مانا پەروەردەییە فراوانەکەی، بریتییە "لە پرۆسەیەکی رێکخراو بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی دیاریکردنی پلەی بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، و بڕیاردان سەبارەت بە چارەسەرکردنی

لاوازییەکان و دابینکردنی مەرج بۆ دروستکردنێ بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەیەکێ هەمەلایەنەد لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە و دەوڵەمەندکردنی ژینگەی پەروەردەییەکە (مجید، 2014: 29).

**پرۆگرام:**

محمد (2004)پێناسەی پرۆگرامی کردووە:

بریتیە لە کۆمەڵێک شارەزایی پەروەردەیی قوتابخانە پێش گەشتنی قۆناغی دەکات لە ناو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە بۆ هێنانەدی گەشەی گشتگیر و تەواو لە دروستکردنی بونیادنانی مرۆج بەپێی ئامانجێکی پەروەردەیی سنوردار و پلانێکی زانستی وێنەکراو (جەستەیی، دەروونی، عەقڵی، کۆمەڵایەتی و ئاینی (محمد، 2004: 66)

هەروەها عیسی (2005) دەڵێت: پرۆگرام هەموو ئەو شارەزاییە کە قوتابی وەری دەگرێت لەژێر چاودێری قوتابخانە وە ئاڕاستەکردنی لە ناو پۆل یان دەرەوەی پۆل (عیسی، 2005: 16).

وە پێناسەی الوحیدی (2019) بەم جۆرەیە:

کۆمەڵێک شارەزایی و چالاکی و پیادەکارییەکان و پلان ڕێژیە، کە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ هێنانەدی ئەنجامەکان و فێرکردن و ئامانجە فێرکارییە خوازراوەکان بە چاکترین جۆر کە لەتوانادایە(الوحیدی، 2019: 16).

**باخچەی منداڵان:**

محمد (2004) پێناسەێ باخچەی منداڵان دەکات بەوەی: "ئەو دامەزراوە پەروەردەییە بۆ منداڵانی تەمەن (4 بۆ 6) ساڵ کە قۆناغێکی جیاوازتر لە قۆناغە فێرکاریەکانی تر یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئامادەکردنی بۆ چوونە قۆناغی بنەڕەتی" (محمد، 2004: 17)

بدر (2010) پێناسەی باخچەی منداڵان دەکات بەوەی: بریتیە "لەو قۆناغەی کە چاودێری منداڵ دەکات لە نێوان (3 بۆ4) ساڵ یان 7 ساڵ لە دەزگا پەروەردەییە کۆمەڵایەتیەکان کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی گەشەی تەواو و گشتگیر و هاوسەنگ لە گشت بوارەکانی تەندروستی و ژیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەروەها پاڵپشتیکردن و گەشە و تواناکانیەتی لە ڕێگەی یاری و چالاکی سەربەست" (بدر،2010: 18).

پرۆگرامی باخچە بریتیە لە کۆمەڵە زنجیرەیەك لە چالاکی کەپێکهاتووە لە پێداویستیەکانی منداڵ وەگۆڕینی بۆ شارەزایی و زانیاری بگونجێت لەگەڵ ئاستی گەشەی منداڵ و کاریگەری دەبێت لەسەر هەندێ ڕەفتاری جیاواز دەبێتە هۆی کارلێکی لە گەڵ تاك و کۆمەڵگە (بدر، 2002، : 31) تایبەتمەندییەکانی باخچەی منداڵان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە "لە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە رووێ چەندێتی و چۆنیەتییەوە لە جیاوازەکانی گەشەوە بەسەر منداڵدا دێت لە رووێ (جەستەیی، زمانی، مەعریفی، هەڵچوونی" کۆمەڵایەتی و رەوشتییەوە) پێوانەدەکرێت دەربارەی منداڵەکان لەلایەن مامۆستاێ باخچەی منداڵانەوە لە شاری سلێمانی". باخچەێ منداڵان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە "لە کۆمەڵێك شارەزایی و چالاکی پەروەردەیی و زانستی و کۆمەڵایەتی و وەرزش و هونەری لەناو پەرتوکی پرۆگرامی خوێندنی باخچەدا دارێژراوە و لەلایەن مامۆستای باخچەوە جێ بەجێ دەکرێت".

پێناسەی ڕێکاری تایبەتمەندییەکانی باخچەی منداڵان بریتییە "لەو نمرەیەی بەدەست دەهێنرێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی پێوەری رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ لە پرۆگرامی باخچە لەلایەن مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە شاری سلێمانی، دەربارەی منداڵانێ باخچە بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەندی گەشەیی لە رووی (جەستەیی، زمانی، مەعریفی، هەڵچوونی" کۆمەڵایەتی و رەوشتییەوە).

## 2. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### پرۆگرامی باخچەی منداڵان:

چەمکی پرۆگرام لە باخچەی منداڵان مانایەکی جیاوازی هەیە لە قۆناغەکانی تر (بنەڕەتی و ئامادەیی) پەروەردەکاران کۆکن لەسەر ئەوە.

پرۆگرامی باخچە :بریتیە لەکۆمەڵێك شارەزایی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ باخچە پێشکەشی منداڵانی دەکات لەسەر شێوازی چالاکی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل بە مەبەستی گەشەکردنی منداڵا بە شێوەیەکی گشتگیر و تەواو و باشتر کردنی کەسێتی یان وە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتیان بە پێی ئامانجە پەروەردەییەکان(حبیب والهولی،2009 :217)

چەمکی پرۆگرامی باخچە بریتیە لەهەموو پێداویستیەکانی منداڵ و گۆڕینی بۆ شارەزای و ڕێکخستنی بگونجێت لەگەڵ ئاستی گەشەی منداڵدا، پرۆگرام ڕێکخستن و پلانە بۆ چالاکیە پەروەردەی و توێژینەوەکان (بدران،2003: 15)

پرۆگرامی باخچە تاوتۆیی هەموو بوارە جیاوازەكانی هزری زانستی(العقلیه المعریفیه)وویژدانی و كۆمەڵایەتی و هەستی جوڵەیی و دەروونی منال دەكات بەئامانجی گەشەكردنێكی گشتگیرو تەواو لەهەموو لایەنەكانی كەسیەتی منال بو ئەوەی كەسیەتیەكی سەركەوتوو دروستی هەبێت تا بتوانن بەشداربن لە دروست كردن و پێشخستنی كۆمەلگە (شریف،2014 :94)

پرۆگرامی باخچە ئیشارەتێكە بۆ بوارێكی تەواو لە شارەزایی بۆ منداڵی بچووک كە لەناو چەند كۆمەڵەیەكدا و لە دەرەوەی ماڵ وە كاتێک ئەمە دەوترێت پرۆگرامی منداڵ پێک دێت لە هەموو هەلێكی فێربوون و گەشە بۆ منداڵ و دەرخستنی (ادراموند و ئەوانی تر، 2000 :34).

لەبەر ئەوە پرۆگرامی باخچە مانایەكی فراونی هەیە و گرنگیەكیی تایبەتی هەیە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە لە باخچەدا هەیە لە شارەزایی و چالاكی و ئامراز و هۆكار هەمووی بە ئاڕاستەی هێنانەدی گەشەیەكی گشتگیر و تەواو لە هەموو منداڵێكدا (شریف،2014 :94). هەروەها پلانێكی پەروەردەییە كەبەرجەستەكاری ئەوزانیاریە فەلسەفی و مێژووی و كلتوری و دەرونی و زانستیە هەڵبژێردراوانەیە كە لە پێكهاتە كەسیەكاندا ئاراستەكراوی پرۆگرامێكی تیۆریی تایبەتە (نظریە منهجیە خاصە) كەهەردەم پەروەردەكار لەگەشەو پێسخستنیاندایە وەبۆسودو بەرژەوەندی منداڵانی كۆمەڵگەو زامنكردنی كارەكە و پێشكەوتنیان لەگشت لایەنەكانەوە (الصانع،2006 : 187)

## بوارەكانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان

پرۆگرامی باخچەی منداڵان ئەم بوارنە لە خۆ دەگرێت:

1- هەموو بوارەكانی فێربوونی گەشەی منالً

2- چالاكی و ڕێگاكانی بیركردنەوە

3- ڕێكخستنی ژورو بەسەربردنی كاتەكانی ڕۆژانە

4- هەموو ئەوپلان و چالاكیانەی كە گەورەكان بۆیان ئامادە دەكەن منداڵ بەهۆیەوە فێردەبێت پلان دارێژراو بێت یان بەپێچەوانەوە (درامون واخرون: 2000 :22)

## ئامانجەكانی پرۆگرامی باخچە

پرۆگرامی باخچەی منداڵان بەشێوەیەکێ گشتی چەند ئامانجێكی هەیە لەوانە:

یەكەم/ دەستەبەركردنی كەشێكی دڵنیایی ئارامی كەهاوكاری منالً بین بۆ گونجاندنی لەگەڵ كەشی باخچەو لەگەڵ دەوروبەری وئامادەیی بۆ قۆناغی دواتر لەگەڵ رەچاوكردنی شەقڵەكانی منالێتی و پێداویستیەكان

. دووەم/ گەشەپێدانی منداڵ بۆئەوەی بیبێتە بونەوەرێكی كۆمەڵایەتی بەجۆرێک كەكلتورو نەریت وەرگرێت بگیانی كرانەوەو هاریكاری و پێكەوەی و بەشداری كاریگەری لایە هێز بكات.

سێیەم/ بەهێزكردنی پرۆسەی فێركردن بۆگەشە پێدانی بەهرەی هەستەوەری و جەستەیەكانی منالً هەروەها هەستە سۆزداری و كۆمەڵایەتی و هزریەكانی گوزارشت بكات لەخودی خۆی و پێدوایستی و هەستیەكانی و بیردەكاتەوە خەیاڵ دەكات بەوەش شارەزایی و زانیاری فراوانتردەبێت و پەی ثێَ دەبات (الحبیب و الهولی، :251).

## هەڵسەنگاندنی پرۆگرامێ باخچەی منداڵان:

شریف، 2014 باس لە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامێ باخچەو مەبەستەكانێ دەكات بەوەی

هەڵسەنكاندنی پرۆگرامێ باخچە واتە تاچەند گۆرانكاری و دەستكاری پرۆگرامەكەكراوە لە ژێر رشنایێ ئامانج و تواناكانێ لەبەردەستە لە روانگەێ ئەو ئامانجانەێ كە بۆ ئەو مەبەستە دارێژراوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن چەند مەبەستێک هەیە لەوانە:

1- دڵنیابوون لەوەی كە ئەزموونەكانی پرۆگرام تا چەند پێداویستییە مەعریفیەكانی منداڵان دابین دەكات، لەوانە خۆشەویستی و سەربەخۆیی دۆزینەوە.

2- دڵنیابوون لەوەی كە تا چەند توخمەكانی ناوەڕۆكی پیرۆگرام بەیەكەوە گرێدراون و یەكدەگرنەوە، هەرچەندە بەرنامەكانی منداڵان بەرفراوان و هەمەچەشنەش بن، دەبێت خزمەت بە ئامانجە هاوبەشەكان بكەن كە پێداویستییەكانی منداڵەكان دابین بكات، لەوانەیە هەر كە منداڵەكە لە چیرۆک و گۆرانی تێر بوو، دواتر پێویستی بۆ گەڕان و دۆزینەوەێ شتێ نوێ بێت.

3- دڵنیابوون لەوەی تا چەند لۆجیكییەتی ریزبەندێ لە ناوەڕۆكەكەدا لەبەرچاو گیراوە، واتە گونجاوی ڕێكخستنی پرۆگرام و ڕێكخستنی بەپێی پێداویستی قۆناغەكانی گەشەكردنی جەستەێ منداڵ بێت،

4- ڕادەی هاوسەنگی نێوان پێكهاتەكانی بەرنامە و سەرچاوە ژینگەییەكانی ناوخۆیی گونجاوە.

5- ڕادەی گشتگیری ئەزموونە پەروەردەیی و پەروەردەییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکان لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕەفتار لەخۆدەگرێت. (شریف، 2014: 215).

## گەشەی منداڵ

مەبەست لە گەشە ئەوەیە مرۆڤ لە حاڵەتی نادیار و (هاوسەنگی نیوە) و ماماناوەند و لاوازی دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی دیار هاوسەنگی گشتگیر (العجم ، 2005: 19)

## تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ

محمد (2016) باس لە تایبەتمەندیەکانی گەشەی منداڵ دەکات بەوەی

### 1- گەشەی جەستەیی و جوڵەیی:

منداڵ لەسێ ساڵی یەکەمی تەمەنیدا زۆر بە خێرایی گەشەدەکات، لە رووی جەستەیەوە، وەلە قۆناغی 4-6 ساڵیشدا گەشەی زۆر خێرایە لەلایەنی جەستەیی و جوڵەییەوە ، بەڵام بە ئەندازەی ساڵەکانی پێشووتر نیە.

1- لەم قۆناغەدا ماسولکە گەورەکان بەخێرایی گەشەدەکەن، کە ئەمەش وادەکات منداڵ بجوڵێتو بزێو بێت، لەگەڵا ئەوەشدا کە هێشتا ماسولکەکانی بەتەواوی گەشەیان نەکردوە، ئازووی ڕاکردن و هەڵبەزو دابەز دەکات. پیویستە لە باخچەدا هەلی ئەنجامدانی چالاکی جەستەیی بۆ برەخسێنرێت.

2- منداڵ لەم قۆناغەدا تا ئەندازەیەك توانای کۆنترۆڵ کردنی خۆی هەیە بەڵام پێویستی بە ڕێنمایی گەورەکانە بۆ زاڵا بوون بەسەر جوڵەی جەستەییدا.

3- بەئاسانی ناتوانێت شتە بچوکەکان ببینێت چونکە هێشتا ماسولکە وردەکانی چاو گەشەیان نەکردووە،لەم قۆناغەدا منداڵ توانای بینینی وشەو نوسینی پیتە بچوکەکانی نیە، چونکە چاوەکانی زوو ماندوو دەبن.

4- منداڵ لە تەمەنی 5 ساڵیدا توانای لاسایکردنەوەی گەورەکانی هەیە ،لەروی نوسین و کێشانی شێوە ئەندازەییەکان. وەزانین و دیاریکردنی دەستی ڕاست وچەپی لە نوسیندا.

### 2- گەشەی ژیریی

مەبەست لە توانستە عەقلییەکان بریتییە لە چاوتێبڕین، وریایی، هەستکردن، زانین، یادکردنەوە، بەراوردکردن، هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە... هتد

1- توانستە عەقڵیەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا پشت دەبەستێت بە چالاکی و کارلێککردنی لەگەڵا تاکەکانی تری کۆمەڵ و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی.

2- لەم قۆناغەدا هەستەوەرەکانی منداڵ سەرچاوەی یەکەمن بۆ تێگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر جیهانی دەرەوە.

3- بۆ ڕەچاوکردنی گەشەی عەقلی پێویست دەکات منداڵا لەشتە سوك و ئاسانەکانەوە بەرەو قورس و ئالۆزەکان ببرێت.

### 3- گەشەی هەڵچونی

مەبەست لە هەڵچونیەکانی منداڵا: تورەیی،ترس، ئیرەیی، رقوکینە، وەرسبوون، دڵخۆشی، کامەرانی...هتد.

1- لەم قۆناغەدا هەڵچونەکانی منداڵا کت و پڕن بەخێرایی لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێت ، بۆ نمونە لە گریان بۆ پێکەنین.

2- ڕێگەگرتن و بێزارکردن و لێ تێکدانی یارییەکانی منداڵا بەخێرایی تورە دەکات.

3- هەروەها ناتوانێت بەرگەی کەمی پێداویستیە فسیۆلۆجیەکانیش بگرێت، وەك برسێتی ، سەرما ، گەرما ئەمانە دەبنە هۆی بیزاربونی.

### 4- گەشەی کۆمەلایەتی

1- لەم قۆناغەدا منداڵا زۆر ئارەزوی موڵکداری و سنورداری دەکات و لەو باوەرەدایە دەبیت هەر خۆی سەنتەرو چەق بێت تەنها گرنگی بەو بدرێت، ئەمەش وا دەکات زۆر ئارەزووی کێ برکێ دەکات، زوو زوو توندوتیژی لە نیوان منداڵەکاندا رودەدات و کەلو پەلی یاری لەیەکتری دەستێنن.

2- منداڵا لەتەمەنی چوارساڵیدا چالاکیە کۆمەلایەتیەکانی بەلاوە چێژبەخشە، بەتایبەتی زۆربەی پەیوەندییەکۆمەلایەتییەکانی لە گەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا دەبێت، چونە لە ڕووی تەمەن و بیرکردنەوەو رەفتارو هەڵسوکەوتەوە لێك نزیکن.

3- لەم قۆناغەدا خەیاڵا و واقع تیکەڵا دەکات بەئاسانی ناتوانێت لەیەکتر جیایان بکاتەوە، پێویستی بە ڕێنمایی هەیە لەلایەن گەورەکانەوە.

4- دەبێت ڕەچاوی جیاوازی تاکی بکرێت. چونکە منداڵەکان چونیەك نین و هەندێکیان ئارەزوی سەرکردەییان هەیەو دەبنە مایەی بیزاری ئەوانیتر بە پێچەوانەشەوە هەندیکی تریان هیمن و لەسەر خۆن. (محمد، 2016: لا 18-20).

## توێژینەوەكانی پێشوو

### توێژینەوەی هێدگس و ئەوانی تر (Hedges et all, 2011)

بەناونیشانی پرۆگرامی ماوەی سەرەتاي منداڵی: پاڵپشت بۆ مەعریفە وەك چوارچێوە بۆ چەمكەكانی گرنگیدان بە منداڵان.

Early year's curriculum: funds of knowledge as a conceptual framework for children's interests

ئامانجی توێژینەوەكە بریتیی بوو لە زانینی مامۆستا چیان بەلاوە گرنگە بۆ منداڵەکان و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن وە ئەو شێوازانەی کە پەیوەندی هەیەبە ئەزمونی منداڵەکان و پاڵشتی مەعریفیان.

هەروەها زانینی مامۆستایان چۆن هەڵبژاردەدەکەن و بەشداریدەکەن لە بنیاتنانەی پرۆگرامی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەرێگەی پلان و کارلێکی فێربوون و فێرکردنەوە، میتۆد وەسفی بەکارهاتووە، ئامرازی ڕاپرسی و ستراتیژی چاوپێکەوتن بەکارهاتووە، نمونە توێژینەوە بریتیین لە منداڵانی باخچەی منداڵانی تاکابونا کە تەمەن منداڵەکان لە نێوان 3-4 ساڵدا بێت، هەروەها لە سەنتەری فێرکردنی سەرەتاي و چاودێری بۆ ئەومنداڵانەی تەمەنیان لە نێوان 6 مانگ بۆ 5 ساڵدایە لە ئوكلاند لە نیوزلەندا 10 مامۆستا و ٣٥ منداڵ بەشداربوون لە توێژینەوەکەدا، و چاوپێکەوتن لەگەڵ 11 دایك و باوك. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە لە هەردوو سەنتەرەکە پەیوەندیەکی گەرم و گوڕو پتەو هەیە لە نێوان مامۆستایان و دایبابانی منداڵەکان لەرێگەی کاریگەری پرۆگرامی باخچەوە.

هەروەهار یاری (چالاکی) وەك شێوازێکی زیندوو لەلایەن مامۆستاکانەوە پەیڕەودەکرێت بۆ گوزارشت و گرنگیپێدان و نواندن و دۆزینەوە و بەدواداچوون لەلایەن منداڵەکانەوە بەپێی پرۆگرامەکانی باخچە. (Hedges et all, 2011: 185).

### توێژینەوەی درویش (2020)

بەناونیشان : شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبی شارەزایي چالاکییەکانی منداڵانی باخچە 2KG

تحليل محتوى، كتاب الخبرات والانشطة، أطفال التمهيدي 2KG

ئامانجی توێژینەوەکە بۆشیکرنەوەی پەرتوکی پرۆگرامی شارەزایي چالاکییەکانی منداڵان و هەورەها زانینی ئاستی هاوشێوەیی و گونجانی ئەو وێنانەو بابەتانەی لەناو پەرتوکەکەدا هەن، وەسفي بەرکارهێناوە، نمونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە پەرتوکی پرۆگرامی شارەزایي و چالاکی منداڵان قۆناغی دووی باخچە بۆساڵی خوێندنی2013-2014، توێژەر بۆ دیاریکردنی ئەو وێنانەو بابەتانەی ناو پەرتوکەکە لیستێکی ئامادەکردوە تایبەت بە ئامانجە ڕەفتارییەکانی منداڵانی باخچە لە هەشت بیرۆکە پێکهاتبوو (زمانی، زانستی، ژماری، تەندروستی، هونەر، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی و ئاینی) ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە وێنەکان و بیرۆکەکان نزیکن لەیەکتر و روونن لە پەرتوکەکەدا (درويش، 2020: 1).

### توێژینەوەی ئەلقورشي ( القرشي، 2022)

بە ناونیشانی ئاستی ڕەچاوکردنی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە شانشینی سعودیە بۆ تایبەتمەندییەکانی گەشە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.

مدى مراعاة منهج رياض الاطفال في المملكة العربية السعودية للخصائص النمائية من وجهة نظر المعلمات"

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دەرخستنی ئاستی ڕەچاوکردنی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە شانشینی سعودیە بۆ تایبەتمەندییەکانی گەشە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە ، توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە وپشتی ئامرازی ڕاپرسي بەستووە، نمونەی توێژینەوە پێکهاتبوو لە (377) مامۆستای یاخچە لە شاری تائف(طائف)، ئنجامی توێژینەوە ئەنجامی توێژینەوە کە دەریخست کە : پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات بۆ ئاراستەکردنی منداڵانی باخچە بۆ ئەو چالاکیانەی کە بازووە بچوکەکانیان بەهێز دەکات وەك نوسین و بڕین، هەروەها بەشداریدەکات بۆ ڕاهێنان منداڵان لەسەر بەگوێگرتن لەقسەی کەسانی تر و یارمەتی منداڵ دەدا بۆ گێرانەوەی هندێك چیرۆکی کورت کەفێربووە، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێ شوێنەکان دیاري بکات وەك: نزیك، دوور، سەرەوە، خوارەوە، ڕاست چەپ، هەروەها لە ڕووی دەرونییەوە متمانەبەخۆبوونی بەهێزدەکات، هەروەها پرۆگرام باخچە منداڵ ڕادەهێنێت لەسەر مۆڵەت وەرگرتن بۆ چونە ژوورەوەو ڕاهێنانی لەسەر ڕێزگرتنی ڕێنماییەکان و جێبەجێکردنی، منداڵ بتوانێ ئادابە گشتییەکان جێبەجێبکات و دووربکەونەوە لە ڕەفتاری نەشیاو خراپ (القرشي، 2022: 692).

**توێژینەوەی محمود (2022)**

بەناونیشانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە ژێر ڕۆشنایی هەندێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان

مناهج رياض الاطفال في ضوء خبرات بعض الدول المتقدمة

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەی لە پرۆگرام باخچەی منداڵان لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا (ولایەتی کالیفۆرنیا) و ئەڵمانیا (ولایەتی بافاریا) لە ڕووی ناوەرۆکی پرۆگرام، شێوازی فێرکرن، چالاکیە فێرکارییەکان، هۆکارەکانی فێرکردن، شێوازەکانی هەڵسەنگاندن، ڕۆڵی مامۆستا لە جێبەجێکردنی پرۆگرام، پەیوەستبوونی خێزان بە پرۆگرامی باخچەوە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە وڵاتانی عەرەبی و جێبەجێکردنی و پەرەپێدانی ڕەگەزە پەروەردەیە نوێیەکان. میتۆدی وەسفي شیکاری بەکارهێناوە، لەئەنجامی توێژینەکەوەکە گەیشتە ئەوەی کە پێویستە بەشێوەیەکی گشتی وڵاتانی عەرەبی سود لە ئەزموونی وڵاتەپێشکەوتوەکان وەربگرن، هەروەها بنیاتنانی پرۆگرامێکی هاوچەرخ بۆ منداڵانی باخچە کە گونجاوبێت لەگەڵ پەروەردەی نوێ و پێویستییە هاوچەرخیەکان لەژێر سێبەری شۆرشي زانیاری و ئاڵوگۆڕی ژمارەیی بێت (محمود، 2022: 121).

### 3 . ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە گشت مامۆستایانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵآت و ڕۆژئاوا کەسەرجەمیان دەکاتە (257) مامۆستا، 186 لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆهەڵات و 71 لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆئاوا.

**نمونەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا نمونەی هەرەمەکی سادە هەڵبژێراوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (170) مامۆستای باخچە دابەشبوون بەسەر (10) باخچەی منداڵاندا، (22) نێر و (148) مێ.

**ئامرازی توێژینەوە:**

لەم توێژەینەوەدا ڕاپرسي ڕەچاوکردنی پرۆگرامی باخچە بەکارهاتووە و بەسەر نمونەی توێژینەوەدا دابەشکراوە، لەم ڕاپرسیەکە ڕاستەخۆ لە توێژینەوەی القريشي (2022) وەرگیراوە، توێژینەویەکی وەرگیراوە لە ماستەری بلاونەکراوە لە زانکۆی تائف کۆلێژی پەروەردە، لەلایەن هالا وصل الله خلف الله القريشي (2022) ئامادەکراوە، ڕاپرسیەکە لە (30) بڕگە پێکهاتووە، دابەشبووە بەسەر (6) بواری سەرەکیدا بەم شێوەیە بڕگەکان دابەشکراون:

1- تایبەتمەندی جەتەستەیی (4)

2- تایبەتمەندی زمانی (6)

3- تایبەتمەندی مەعریفي (5)

4- تایبەتمەندی هەڵچوونی (5)

5- تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی (5)

6- تایبەتمەندی ڕەوشتی (5)

زنجیرەی پێنجی ریزبەندی کە گونجاوە بۆ سروشتی ئەم توێژینەویە بەکارهاتووە بۆ دیزاینکردنی پێوەرەکە، جێگرەوەکانیش بەتەواوی ڕازیم (5) نمرە، ڕازیم (4) نمرە، بێ لایەن (3) نمرە، ڕازینیم (2) نمرە و بەتەواوی ڕازینیم (1) نمرە.

خشتەی (1) ڕاستکردنەوەی ڕاپرسی ڕەچاوکردنی پرۆگرامی باخچەی منداڵان

| وەڵام | ڕاپرسی ڕەچاوکردنی پرۆگرامی باخچەی منداڵان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەتەواوی ڕازیم | ڕازیم | بێ لایەن | ڕازینیم | بەتەواوی ڕازینیم |
| نمرە | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
| ناوەندی ژمێرەیی | 4.20–5.0 | 3.40–4.20 | 2.60–3.40 | 1.80–2.60 | 1–1.80 |
| نمرەی زایبوون | زۆر گەورەیە | گەورەیە | مامناوەند | لاواز | زۆر لاواز |

## راستگۆیی :

## راستگۆیی رواڵەتی

بۆ دەرهێنانی نمرەی راستگۆیی توێژینەوەی (القريشي (2022)) راستگۆیی شارەزایان (Referees Validity) بەکارهێناوە بۆ راپرسیەکە، بەسەر چەند پسپۆری شارەزا دابشکراوە، دوای چاککردن و پایەندبون بە تێبینی شارەزایانەوە، هەروەها راستگۆی عاملیشیان بۆ رێکخستنی ناوخۆیی (الاتساق الداخلي) بەپێی هاوکۆلکەیٚ پێرسن (Coefficient Correlation s'Pearson) بۆ بوارەکانی راپرسیەکە دەکردووە، ئەنجامی هەموویان بەڵگەداربووەو گونجاو بوون بۆ جێبەجێکردن لەسەر نمونەی سەرەکی.

## راستگۆیی وەرگێران:

توێژەران دوای وەرگێرانی راپرسیەکە بۆ سەر زمانی کوردی، بۆ دڵنیابوون لە دروستی وەرگێرانەکە داین بە پسپۆرێکی زمانی کوردی و وردبینی بۆ وەرگێرانەکە کرد، پاشان راپرسیکەیان خستە بەر دەمی شارەزا و پسپۆرێکی زمانی عەرەبی تا بیکاتەوە بە عەرەبی و دوای بەراوردکردنی هەردوو راپرسیەکەن لەکۆتایدا داوا لە شارەزایەکی بواری دەرونزانی پەروەردەیی کرا کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و لەکۆتایدا، هیچ لەبرگەکان لانەبران و بەشێوەی کۆتایی دابەشکرا بەسەر نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکەدا.

توێژەران دوای وەرگێرانی راپرسیەکە بۆ سەر زمانی کوردی، بۆ دڵنیابوون لە دروستی وەرگێرانەکە داین بە پسپۆرێکی زمانی کوردی و وردبینی بۆ وەرگێرانەکە کرد، پاشان راپرسیکەیان خستە بەر دەمی شارەزا و پسپۆرێکی زمانی عەرەبی تا بیکاتەوە بە عەرەبی و دوای بەراوردکردنی هەردوو راپرسیەکەن لەکۆتایدا داوا لە شارەزایەکی بواری دەرونزانی پەروەردەیی کرا کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و لەکۆتایدا، هیچ لەبرگەکان لانەبران و بەشێوەی کۆتایی دابەشکرا بەسەر نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکەدا.

هەروەها بەکارهێنانی راستگۆیی رێکەوتنی ناوەکی (اتساق الداخلي) بۆ دۆزینەوەی رێکەوتنی ناوەکی توێژەران (50) فۆرمیان دابەشکردوو بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا و هەموو بوارەکان بەڵگەداربوون.

خشتەیٚ (2) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن بۆ نمرەی بوارەکانی راپرسیەکە
بە نمرەی کۆی گشتی و بوارەکان

| | بوارەکان | ژمارەی برگەکان | پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری 0.01 |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تایبەتمەندی جەتەستەیی | 4 | .686** | بەڵگەدار.000 |
| 2 | تایبەتمەندی زمانی | 6 | .508** | بەڵگەدار.001 |
| 3 | تایبەتمەندی مەعریفی | 5 | .370** | بەڵگەدار.019 |
| 4 | تایبەتمەندی هەڵچوونی | 5 | .245** | بەڵگەدار.002 |
| 5 | تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی | 5 | .520** | بەڵگەدار.001 |
| 6 | تایبەتمەندی رەوشتی | 5 | .716** | بەڵگەدار.000 |
| | کۆی گشتی | 30 | .756** | بەڵگەدار.000 |

## جێگیری :

توێژەران لەرێگەی (40) نمونەی سەرەتاییەوە جێگربان بۆ توێژینەوەکە کردووە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی کرۆنباخ ئەلفا Cronbach's (Alpha coefficient) و بەتێکرای گشتی بوارەکان (0.81) دەرچووە، هەورەها بەکارهێنانی دابەشکردنی نیوەیی بەرێگەی سپیرمان (Split Half Coefficient) بە تێکرای گشتی بوارەکان (0.89) ، هەردوو ئەنجامی جێگریەکە لە ئاستی پەسند و زۆر باشدابوون.

## کەرەستەی ئاماری توێژینەوە:

بۆشیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەران پشتیان بەستووە بەبەرنامەی( SPSS) پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم هاوکێشانە بەکارهاتووە:

- هاوکۆلکەی پێرسۆن Person
- رێگای شیکاری جیاواز بەرێگەی کرونباخ الفا Cronbach Alpha..
- ناوەندی ژمێرەیی: Mean
- لادانی پێوەری Standard deviation
- تاقیکردنەوەی تائي بۆ نمونەی سەربەخۆ Independent Samples T - Test
- تاقیکردنەوەی يەك رێگايی ئەنۆڤا One Way ANOVAs

### 4.ئەنجامەکانی تویژینەوەو شیکردنەوەیان:

### ئەنجامی ئامانجی یەکەم:

زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندیەکانی گەشەی منداڵ بەگشتی چەندە؟

بۆ زانینی ئەم ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بۆ هەر بوارێك لە بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچەو نمرەی کۆی گشتی برگەکان دەرکرد، خشتەی ژمارە /3 ئەمە روون دەکاتەوە.

خشتەی (3) وەڵامی نمونەکان بۆ تایبەتمەندی رەچاوکردنی پرۆگرام بۆ تایبەتمەندیەکانی گەشەی منداڵ

| ز | بوار | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان بۆ تایبەتمەندی جەستەیی لای منداڵ | 4.3632 | 0.6555 | زۆر گەورەیە |
| 2 | ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان بۆ تایبەتمەندی زمانی لای منداڵ | 4.3245 | 0.5214 | زۆر گەورەیە |
| 3 | ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان بۆ تایبەتمەندی مەعریفي لای منداڵ | 4.3223 | 0.4606 | زۆر گەورەیە |
| 4 | ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان بۆ تایبەتمەندی هەڵچوونی لای منداڵ | 4.3153 | 0.5007 | زۆر گەورەیە |
| 5 | ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی منداڵ | 4.3858 | 0.4669 | زۆر گەورەیە |
| 6 | زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان بۆ تایبەتمەندی رەوشتی لای منداڵ | 4.4847 | 0.4425 | زۆر گەورەیە |
| | کۆی گشتی | 4.366 | 0.5079 | زۆر گەورەیە |

لە خشتەی/ 3 دەردەکەوێت کە کۆی گشتی ناوەندی ژمێرەی گشتی برتییە لە (4.366) و لادانی پێوەری (0.5079) ئەمەش بە ئاستی زۆر گەورە دێت، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی بۆ بوارەکان لە نێوان (4.3153 – 4.4847) و لادانی پێوەری لە نێوان (0.4425-0.6555)،

هەرچەندە جیاوازی نێوان تایەبتمەندییەکان بۆ پلەبەندی زۆر نیە، بەمشێوەیە بوو: تایبەتمەندی رەوشتی بە پلەی یەکەم دێت، پاشان تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، دواتر تایبەتمەندی جەستەیی، پاشتر تایبەتمەندی زمانی ن دوای ئەویش تایبەتمەندی مەعریفي و لە کۆتایدا تایبەتمەندی هەڵچونی بە پلەی شەشەم دێت لە روانگەی مامۆستایانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچە لە هەرێمی کوردستان.

بەرای توێژەران بەرزی پلەی رەزامەندی مامۆستایان بۆ پرۆگرامی باخچە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی ئیستا باخچەکانی هەرێمی کوردستان بە حکومی و ناحکومی بۆ ئەو پێداچوونەوەی وزارەتی پەروەردە دێ بۆ پرۆگرامی باخچە لە ساڵی 2019 و ئەو گۆرانکاریانەی لە هەموو بوارەکانی پرۆگرامە باخچەدا کرا بۆ خزمەتکردنی پەروەردەو فێرکردن لەلایەن وزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەمەبستی رەچاوکردنی هەموو لایەنەکانی گەشەی منداڵ، کە ئەمە ئامانجی گشتی و سەرەکی وزارەتی پەروەردەیە بۆ باخچەی منداڵان.

### ئەنجامی ئامانجی دووەم:

ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی جەستەیی لای منداڵ چەندە؟

بۆ زانینی ئامانجی ئاستی رەچاوکردنی رۆگرامی باخچە بۆ تایبەتمەندی جەستەیی لای منداڵان ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بۆ برگەکانی تایبەتمەندی جەستەیی دەکرا، وەك لە خشتەی ژمارە /4 دا دەردەکەوێت.

خشتەی (4) وەڵامی نمونەکان بۆ تایبەتمەندی ڕەچاوکردنی پرۆگرام بۆ
تایبەتمەندیەکانی گەشەی جەستەیی منداڵ

| ز | برگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی ڕەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات لە ئاراستەکردنی منداڵ بۆ چالاکیەکانی دەبێتە هۆی گەشەی ماسولکە گەورەکان وەک ڕاکردن و سەرکەوتن بەسەر شوێنی بەرزدا. | 4.2604 | .89491 | زۆر گەورەیە |
| 2 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات لە ئاراستەکردنی منداڵ بۆ ئەو چالاکیانەی کە دەبێتە هۆی گەشەی ماسولکە بچوکەکان وەک نوسین و برین. | 4.2882 | .79524 | زۆر گەورەیە |
| 3 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات لە ئاراستەکردنی منداڵ بۆ هەستان بەو چالاکیانەی دەبێتە هۆی گەشەی دەماری وەک یاریەکانی بەهێزکردنی تەرکیز | 4.3882 | .67226 | زۆر گەورەیە |
| 4 | پرۆگرامی باخچە چالاکی جیاواز پێشکەش دەکەن، لە نێوان چالاککەرەوەکان و هێمنکەرەوەکان. | 4.2765 | .76152 | زۆر گەورەیە |

لە خشتەی/ 4 ناوەندی ژمێرەیی بۆ برگەکانی بواری تایبەتمەندی جەستەیی لە نێوان (4.2604– 4.388) و لادانی پێوەری لە نێوان (.672- .894) ، بەمەش دەردەکەوێت کەهەموو برگەکان بە ئاستی زۆر گەورە دێن لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچە لە هەرێمی کوردستان، ئەم ئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەی (القرشي، 2022).
بەپێی ئەنجامەکە دەردەکەوێ کە ڕاهێنانەکانی پرۆگرامی باخچە هاوکارن بۆ بەهێزبوونی ماسولەکە بچووک و گەورەکان و تەکیزکردنی منداڵەکان و چالاکی جۆراوجۆر بۆ چالاکردن یان هێمنکردنەوەی منداڵەکان. بەرای توێژەران تێڕوانینی مامۆستایانی باخچە بە بەشێوەیەکە زۆر ئەرێنییە بۆ پرۆگرامی باخچە بۆ تایبەتمەندی جستەیی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆگرامی باخچە ڕەچاوی لایەنی گەشەی جەستەیی منداڵی باخچەی کردووە، چالاکیەکانی ناو پەرتوک و یارییەکان گونجاون ڕاهێنانی گونجاوی تێدایە بۆ منداڵەکان.

**ئەنجامی ئامانجی سێیەم:**

زانینی ئاستی ڕەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی زمانی لای منداڵ چەندە؟
بۆ زانینی ئەم ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بۆ هەر برگەیەك لە برگەکانی بۆ تایبەتمەندی زمانی لە بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچەو نمرەی کۆی گشتی برگەکان دەرکرد، خشتەی ژمارە /5 ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (5) وەڵامی نمونەکان بۆ تایبەتمەندی ڕەچاوکردنی پرۆگرام
بۆ تایبەتمەندیەکانی زمانی لای منداڵ

| ز | برگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی ڕەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| 5 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات لە ڕاهێنانی منداڵ بۆ گوێگرتن لە قسەی کەسانی تر. | 4.4497 | .62594 | زۆر گەورەیە |
| 6 | پرۆگرامی باخچە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ ئەوەی لە ناخیدایە دەریببڕێت بە ڕستەی کورت. | 4.3824 | .68865 | زۆر گەورەیە |
| 7 | پرۆگرامی باخچە هاندەرە بۆ ئەوەی منداڵ بە ئاسانی فێری یاساکانی ڕێزمان ببێت وە تاک وجوت و کۆ. | 4.3529 | .67422 | زۆر گەورەیە |
| 8 | پرۆگرامی باخچە زۆر ووشە پێشکەش بە منداڵ دەکات دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی سەرمایەی زمانی . | 4.5385 | .62678 | زۆر گەورەیە |
| 9 | پرۆگرامی باخچە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت هەندێک چیرۆکی کورت بگێڕێتەوەو فێری ببێت. | 4.3765 | .68762 | زۆر گەورەیە |
| 10 | پرۆگرامی باخچە هاندەرە بۆ منداڵ بۆ نوسینی وشە کورتەکان. | 3.9464 | 1.06809 | گەورەیە |

لەخشتەی/ 5 دەردەكەوێت ناوەندی ژمێرەیی بۆ بوارەكان لە نێوان (4.5385 – 3.9464) و لادانی پێوەری لە نێوان (0.6259- 1.0680) لەلەنێوان زۆر گەورەو گەورەدایە، بە پلەی یەكەمر برگەی (6 و 9) بریتین لە " پرۆگرامی باخچە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ ئەوەی لە ناخیدایە دەریببڕێت بە رستەی كورت و برگەی "پرۆگرامی باخچە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت هەندێك چیرۆكی كورت بگێڕێتەوەو فێری ببێت" بەڵام برگەی (10) كە بریتییە لە" بە پرۆگرامی باخچە هاندەرە بۆ مندال بۆ نوسینی وشە كورتەكان" بە پلەی (گەورە ) نزمترین لە دێت . ئەمر ئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (القرشي، 2022) كە رەچاوكردنی تایەبتمەندی زمان لە پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە شانشینی سعودیە لە ئاستی (گەورە)دایە و برگەی (5و 9) بە لەی یەكەمر دێن.

بەرای توێژەران دیدی مامۆستایانی باخچە بۆ پرۆگرامر لە ئاستی زۆر گەورەدایە دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی پەرتوكی پرۆگرامر باخچە یارمەتیدەرە بۆ گەشەی زمانی منداڵ و وەرگرتن و پەرەپێدانی، هەروەها ڕاهێنانی منداڵ لەسەر قسەكردن و گێرانەوەی چیرۆك و گوزارشت كردن لەوەی دەیەوێت بە رستەی كورت، و لەرێگەی چەند چالاكی و راهێنانەوە رۆژانە مامۆستا دەتوانێت راهێنان بە منداڵ بكات لەسەر لێهاتوییە جیاوازەكانی زمان كە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی گوێگرتن و قسەكردنو ئامادەكرن بۆ خوێندن و نوسینەوە وو چانس بە منداڵ بدرت قسەبكات و گفتوگۆی سەربەستانە هەبێت لەنێوان خۆیاندان و لەگەڵ مامۆستادا، ئەمانە هەموو دەبنە هۆی بەرەو پێشچوونی گەشەی زمانی منداڵی باخچە.

**ئەنجامی ئامانجی چوارەم:**

زانینی ئاستی رەچاوكردنی پرۆگرامر باخچەی منداڵان لە هەرێمی كوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی مەعریفي لای منداڵ چەندە؟

بۆ زانینی ئەمر ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بۆ هەر برگەیەك لە برگەكانی كانی بواری تایبەتمەندی مەعریفي لای منداڵ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچەو نمرەی كۆی گشتی برگەكان دەركرد، خشتەی ژمارە /6 ئەمە روون دەكاتەوە.

خشتەی (6) وەڵامی نمونەكان بۆ تایبەتمەندی رەچاوكردنی پرۆگرام
بۆ تایبەتمەندی مەعریفي لای منداڵ

| ز | برگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| 11 | پرۆگرامی باخچە هاندەرە بۆ ئەوەی منداڵ پرسیاری سادەبكات. | 4.4706 | .63597 | زۆر گەورەیە |
| 12 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ ئەوەی منداڵ هەستێ بە پرۆسەی (مژین) لە نێوان شتە لەیەكچو و هاوشێوەكان | 4.0296 | .75928 | گەورەیە |
| 13 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ ئەوەی منداڵ هەستێ بە جیاكاری لە نێوان قەبارەو كێشە جیاوازەكان. | 4.3000 | .65135 | زۆر گەورەیە |
| 14 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ ئەوەی منداڵ هەستێ بە ریكخستنی شتەكان بەدوا یەكدا و بەریزبەندی پێكردنیانە بەپێی قەبارە. | 4.3882 | .55670 | زۆر گەورەیە |
| 15 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ ئەوەی منداڵ هەستێ بە دیاریكردنی پەیوەندییە شوێنییەكان، وەكو (دوور، نزیك، راست، چەپ، لەبەردەم و لەدواوە). | 4.4471 | .65282 | زۆر گەورەیە |

لە خشتەی/ 6 دەردەكەوێت ناوەندی ژمێرەیی بۆ بوارەكان لە نێوان (4.4706 – 4.0296) و لادانی پێوەری لە نێوان (.75928- .63597) لەلەنێوان زۆر گەورەو گەورەدایە، برگەی (16) بە پلەی یەكەمر برگەی (11) بریتییە لە "پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ ئەوەی منداڵ هەستێ بە پرۆسەی (مژین) لە نێوان شتە لەیەكچو و هاوشێوەكان "، و برگەی (12) كە بریتییە لە " پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ ئەوەی منداڵ هەستێ بە پرۆسەی (مژین) لە نێوان شتە لەیەكچو و هاوشێوەكان "، ئەمر ئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (القرشي، 2022)، كە ئەنجامی هەموو برگەكانی زۆرگەورە دەرچووە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمر توێژینەیوەیە برگەی "پرۆگرامی باخچە هاندەرە بۆ ئەوەی منداڵ پرسیاری سادە بكات" لە ریزیەندی ایەبتمەندی گەشەی مەعریفي بە پلەی كۆتایی دێت.

بەرای توێژەران ئەمر ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لە دیدی مامۆسایانەوە پرۆرام هاندەربووە بۆ ئەوەی زانیاری گشتی و ئەكادیمي زۆر بدات بەمنداڵ ا والێ بكات پرسیاری زۆری بۆ دروست ببێت و ئەدویدا بروات. دیدی مامۆستایانی باخچە بۆ پرۆگرام لە ئاستی زۆر گەورەدایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە باخچەی منداڵاندا گرنگي دەدرێت بە بەلایەنی مەعریفي منداڵ و ئاشنا

كردنی بە زانیاریە زانستی و تایبەتییەكانی ژیان كە پێویستن بۆ منداڵ لەهەموو بوارەكان، بەتایبەتی چەمكە زارنستی و بیركارییەكان و هەنگاو بەهەنگاوی بە ریزبەندی یەكە بە یەكە بەپێی پرۆگرام و پلانی مامۆستا زانیارییەكانیان پێ دەوترێت.

**ئەنجامی ئامانجی پێنجەم:**

زانینی ئاستی رەچاوكردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی كوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی هەڵچوونی لای منداڵ چەندە؟

خشتەی (7) وەڵامی نمونەكان بۆ تایبەتمەندی رەچاوكردنی پرۆگرام
بۆ تایبەتمەندی هەڵچوونی لای منداڵ

| ز | برگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| 16 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات لە كۆنترۆڵی هەڵچونە شەرەنگێزییەكانی منداڵدا. | 4.0118 | .87958 | گەورەیە |
| 17 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات لە چۆنیەتی ریزگرتنی منداڵ بۆ هەستەكانی كەسانی تر. | 4.3941 | .69909 | زۆر گەورەیە |
| 18 | پرۆگرامی باخچە بەدوورە لە وروژاندنی هەستی ترس لە لای منداڵ. | 4.4675 | .65498 | زۆر گەورەیە |
| 19 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ بەهێزكردنی متمانە بەخۆبوون لەلای منداڵ. | 4.5235 | .57772 | زۆر گەورەیە |
| 20 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ ئەوەی منداڵ بە ئەرێنی كێبركێ بكات. | 4.2294 | .69679 | زۆر گەورەیە |

لە خشتەی/ 7 دەردەكەوێت ناوەندی ژمێرەیی بۆ بوارەكان لە نێوان (4.0118–4.5235 ) و لادانی پێوەری لە نێوان (0. .87958-0. .57772) لەلەنێوان زۆر گەورەو گەورەدایە، بە پلەی یەكەم برگەی (16) بریتین لە "پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ بەهێزكردنی متمانە بەخۆبوون لەلای منداڵ."

بەڵام برگەی (21) كە بریتییە لە" پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات لە كۆنترۆڵی هەڵچونە شەرەنگێزییەكانی منداڵدا" بە پلەی (گەورە ) نزمترین لە دێت، ئەم ئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (القرشي، 2022).

بەرای توێژەران ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات كە پرۆگرامی باخچە لە هەرێمی كوردستان لە روانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەكردنی باخچە گرنگی دەدات بە لایەنی هەڵچونی و هەروەها بە هەموو هەستە نەرێنییەكان و كۆنترۆڵكردنیان لەی منداڵان و بەرودان بە هەستە ئەرێنیەكان وەك متمانە بەخۆبوون ئاشتی ، ئەنجامەكەش دەریدەخات كە مامۆستایانی پێیان وایە پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات بۆ تایەبتمەندی هەڵچوونی لای منداڵانی باخچە.

**ئەنجامی ئامانجی شەشەم:**

زانینی ئاستی رەچاوكردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی كوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی لای منداڵ چەندە؟

خشتەی (8) وەڵامی نمونەكان بۆ تایبەتمەندی رەچاوكردنی پرۆگرام
بۆ تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی لای منداڵ

| ز | برگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| 21 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەكات لە راهێنانی منداڵ بۆ ریزگرتن لە رێنماییەكان و جێبەجێكردنی. | 4.1647 | .90164 | گەورەیە |
| 22 | پرۆگرامی باخچە منداڵ رادەهێنێ بە فێربوونی چیرۆكی منداڵان بۆ چۆنیەتی شێوازی مۆڵەت وەرگرتن پێش چونە ژورەوە | 4.5059 | .57817 | زۆر گەورەیە |
| 23 | پرۆگرامی باخچە هاندەرە بۆ ئەوەی منداڵ یارمەتی كەسانی تر بدات لەكای پێویستدا. | 4.3824 | .72221 | زۆر گەورەیە |
| 24 | پرۆگرامی باخچە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی ریز لە ئارەزووی هاورێكانی بگرێ لەكاتی یاری بەكۆمەڵدا. | 4.3529 | .70846 | زۆر گەورەیە |
| 25 | پرۆگرامی باخچە منداڵ رادەهێنێ بە چیرۆكی منداڵان بۆ رۆڵبینینی كۆمەڵایەتی جیاواز (باوك ،دایك ،باپیر، داپیرە | 4.5235 | .56739 | زۆر گەورەیە |

لە خشتەی/ 8 دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی بۆ بڕگەکانی بواری تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی  لە نێوان (4.1647 -4.5235)  و لادانی پێوەری لە نێوان (.90164- .56739) ، لەلەنێوان زۆر گەورەو گەورەدایە، بە پلەی یەکەم بڕگەی (25) بریتین لە" پرۆگرامی باخچە منداڵ رادەهێنێ بە چیرۆکی منداڵان بۆ رۆڵبینینی کۆمەڵایەتی جیاواز (باوك، دایك، باپیرو داپیر". بەڵام برگەی (21) کە بریتییە لە" پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات لە راهێنانی منداڵ بۆ رێزگرتن لە رێنماییەکان و جێبەجێکردنی. " بە پلەی (گەورە ) واتە نزمترین دێت، بەمەش دەردەکەوێت کە زۆرینەی بڕگەکان بە ئاستی زۆر گەورە دێن لە روانگەی مامۆستایانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچە لە هەرێمی کوردستان، ئەم ئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (القرشي، 2022).

بەمەش دەردەکەوێت کە پرۆگرامی باخچەی منداڵان جەختدەکاتەوە لەسەر  ئامانجەویژدانیەکان و پتەوکردنی گونجانی کۆمەلآیەتی و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان و شارەزاکردنی منداڵ بەرِووڵی خێزان، رێزگرتنی یاسا و رێساکانی ژیان، هەروەها بنیاتنانی تاکێکی دروست و هاوڵاتیەکی چاك و سودی هەبێت بۆ کۆمەڵگاو نیشتمانەکەی.

**ئەنجامی ئامانجی حەوتەم:**

زانینی ئاستی رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندی رەوشتی لای منداڵ چەندە؟

خشتەی (9)   وەڵامی نمونەکان بۆ تایبەتمەندی رەچاوکردنی پرۆگرام
بۆ تایبەتمەندی رەوشتی لای منداڵ

| ز | برگە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| 26 | پرۆگرامی باخچە منداڵان بەشداریدەکات لە پایەندبوونی منداڵ بە بەهای راستگۆی | 4.5412 | .54508 | زۆر گەورەیە |
| 27 | پرۆگرامی باخچە بەشداری دەکات لەسەر فێرکردنی منداڵ لەسەر چۆنیەتی پاراستنی ئەمانەت. | 4.4706 | .59759 | زۆر گەورەیە |
| 28 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات لە فێرکردنی منداڵ بۆ پاراستنی مافی کەسانی تر | 4.3235 | .69319 | زۆر گەورەیە |
| 29 | پرۆگرامی باخچە منداڵ رادەهێنێ بۆ پابەندبوون بە ئادابی گشتیەوە. | 4.4706 | .54584 | زۆر گەورەیە |
| 30 | پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات بۆ دورکەوتنەوەی منداڵ لە رەوشتی خراپ. | 4.6176 | .57639 | زۆر گەورەیە |

لە خشتەی/ 9 دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی بۆ بڕگەکانی بواری تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی  لە نێوان (4.3235 -4.6176)  و لادانی پێوەری لە نێوان (.57639 -.69319) ، هەمووبڕگەکان بەئاستی زۆر گەورەن، بە پلەی یەکەم بڕگەی (30) بریتین لە" پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات بۆ دورکەوتنەوەی منداڵ لە رەوشتی خراپ.". و برگەی (26) کە بریتییە لە" پرۆگرامی باخچە بەشداریدەکات لە فێرکردنی منداڵ بۆ پاراستنی مافی کەسانی تر " بە پلەی زۆر گەورە کۆتایی دێت.

بەمەش دەردەکەوێت کە هەموو بڕگەکانی تایبەتمەندی رەوشتی بە پلەی زۆر گەورە دێن لە روانگەی مامۆستایانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچە لە هەرێمی کوردستان، ئەم ئەنجامەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (القرشي، 2022)، بەرای توێژەرە ئەرێنی ئەم لایەنە بۆ هەموو برگەکان بە ئاستی زۆر گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وزارەتی پەروەردە لە رێگەی پرۆگرامەوە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەمانجە پەروەردەییەکان کە بریتییە لە فێرکردن و ئاشناکردنی منداڵە بە رەوشتی بەرزوو پەسند  لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، و چاندنی بەهابالآکان و رەوشتی بەرز لەلایان.

**دەرئەنجام**

دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە:

1- رەچاوکردنی پرۆگرام باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ بەگشتی لەئاستی زۆر گەورەدایە،  رەچاوکردنی تایبتمەندیەکان بەپێی ریزبەندی تایبەتمەندی رەوشتی بە پلەی یەکەم دێت، پاشان تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، دواتر تایبەتمەندی جەستەیی، پاشتر تایبەتمەندی زمانی ن دوای ئەویش تایبەتمەندی مەعریفي و لە کۆتایدا تایبەتمەندی هەڵچونی بە پلەی شەشەم دێت لە روانگەی مامۆستایانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی باخچە لە هەرێمی کوردستان.

2- رەچاوکردنی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بەپێی بە برگەکانی تایبەتمەندییەکانی  جەتەستەیی ، زمانی ، مەعریفي ، هەڵچوونی، کۆمەلآیەتی، رەوشتی لەئاستی زۆر گەورەدایە.

**راسپاردە:**

1- گرنگی زیاتر لەلایەن وزارەتێ پەروەردەوە بە پرۆگرامی باخچەی منداڵان بدرێت" بەشێوەی روون ئامانج و رێكارەكانێ بۆ مامۆستایانێ باخچە روونبكرێتەوە.

٢- گرنی زیاتر بەو بوارانە بدرێت كە لە رووی دەروناسییەوە گرنگی بە دروستی دەروونی منداڵ بدە، ئامادەبكرێت بۆ رووبەرووبونەوەێ ئاستەنگەكانی ژیان.

٣- هەول برێت هەموو باخچەكان حكومێ و ناحكومی بەیەك شێواز پرۆگرامێ خوێندنێ باخچە دابرێژن" تا نەوەیكێ یەك شێواز پەروەردە هەبێت.

**7. پێشنیاز:**

1- توێژینەوەی هاشێوەی ئەمە لە شارە جیاوازەكانی تری هەرێمی كوردستان ئەنجام بدرێت.

2- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامێ باخچە بە هاوشێوەی ئەمر توێژینەوە بە رێبازی شیكاری ناوەرۆكی ئەنجام بدرێت.

**سەرچاوە:**


– إبراهيم، إيمان يونس و مهدی، إيناس محمد. (2018). إ عداد منهج رياض الاطفال وفقاً لمتطلبات التنمية المستدامة. مجلة الكلية التربية الاساسية. المجلد (24)، العدد (100). ص 721- 740 .

– بدر، تيسير.(2002). متطلبات المناهج الحديثة، القاهره: دار الفكر للنشر والطباعةو التوزيع.

– بدر، سهام محمد. (2010). مدخل الى رياض الاطفال. الطبعة الثانية. عمان. دار المسيرة للنشر والتوزيع..

– الحبيب، على محمد و الهولي، عبير عبدالله .(2009). منهج رياض الاطفال الحديث الانشطة واسس بناءوه. بيروت: دار الفلاح للنشر والتوزيع.

– الحوامدة والعدوان (2012). مناهج رياض الاطفال،عمان،دار ومكتبة الحامد للنشر والطباعة

– درامومند، ماري جين . لالي، مارغاريت. بيو، جيليان. هيسليب، بيتر . ليندون، جيني و بيتزينغ، جين و اخرون.(2000). العمل مع الاطفال نحو تطوير الاستخدام مناهج الطفولة مبكرة، ترجمة عفيف الرزاز. بيروت: ورشة الموارد العربية.

– درويش، منى محمد سلوم. (2020). تحليل محتوى كتاب الخبرات والأنشطة لأطفال التمهيدي 2KG..مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع.)العدد (50): ص ص 213-226 مارس 2020

– السامرائي ،هاشم . اقاعود، ابراهيم والمومنى، محمد (2000)المناهج اسسها_تطويرها_نضرياتها. اربد :دار الامل.

– السلمی ، ايمان(2010). رياض الاطفال (النشاءة، التطور، المناهج). عمان: مكتبة المجتمع العربی للنشر والطباعة والتوزيع.

– شريف، السيد عبدالقادر.(2014). المدخل الى رياض الاطفال، القاهرة: دار الجوهره للنشر و التوزيع.

– الصائغ، ليلى. (2006) . دليل معلمة الروضة. القاهرة: دار لواء للنشر و التوزيع

– العجم، ايمان.(2005).الخصائص النمائية لمرحلة رياض الاطفال، رسالة المعلم، وزارة التربية والتعليم. المجلد43، العدد2.ص ص 14-22.

– عدس، محمد عبدالرحيم. (2009). مدخل الى رياض الاطفال. الطبعة الثالثة.عمان: دار الفكر.

– علی ، رازاو ابوبكر و أمين، سلوى أحمد. (2023). كاریگەرێی پرۆگرامێكی فێركاری پاڵپشت بە چالاكی هونەری بۆ گەشەپێدانی بەهای هاونیشتمانی بوون لە لای منداڵانی باخچە. گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان. زانكۆی سەلاحەددین. بەرگی (27) ژمارە (١): پەڕە 131-153

– عيسى،ايفال(2005) منهج التعليم فی طفولة المبكرة ومكوناتة، غزة: دارالكتاب الجامعی.

– قبوس، وداد سالم صالح (2021) دور تقنيات التعليم الحديثة في تطوير مناهج رياض األطفال. مجلة مستقبل العلوم اإلجتماعية، مجلة (6) العدد (2) : ص2-22

– القرشي، هال وصل الله خلف الله. (2022). مدى مراعاة منهج رياض األطفال في المملكة العربية السعودية للخصائص النمائية من وجهة نظر المعلمات". Arab Journal for Scientific Publishing (AJSP ) مجلة العربيه للنشر العلمي المملكة العربية السعودية _جامعة الطائف _كلية التربية. العدد خمسة وأربعون تاريخ اإلصدار: 2 – تموز – 2022م : ISSN: 2663-5798 www.ajsp.net AJSP ص ص 691- 722.

– مجيد، سوسن شاكر. (2014) اسس بناء الاختارات و المقايس التفسية و التربوية. القاهرة: مركز ديبونو.

– محمد، عواطف ابراهيم.(2004). اساسيات بناء منهج اعداد معلماترياض الاطفال، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

– محمود، هند حجازي محمود. (2022). مناهج رياض األطفال في ضوء خبرات بعض الدول المتقدمة. المجلة العلمية لتربية الطفولة المبكرة مج (1) –ع(٢) يناير 2022م

– الوحيدی، اسماء محمد (2019). سيكولوجيا تعليم الاطفال القراءة والكتابة، عمان: دار ابن النفيس.

- Hedges, H., Cullen, J., & Jordan, B. (2011). Early years curriculum: Funds of knowledge as a conceptual framework for children's interests. Journal of Curriculum Studies, 43(2), 185-205.

# Evaluating the Kindergarten Curriculum and Taking into Account the Child's Developmental Characteristics from The Perspective of Teachers

**Nazeera Salih Mohammed**
Kindergarten department, College of Basic Education University of Sulaimani, Sulaymaniyah, Region of Kurdistan, Iraq
nazeera.mohammed@univsul.edu.iq

**Diman Hama Ali**
Educational Supervisor at the Directorate of Education in Sulaymaniyah city Sulaymaniyah, Region of Kurdistan, Iraq
dimanhamaali28@gmail.com

**Abstract**
This study aims to identify the level of compliance with kindergarten curriculum in the Kurdistan Region/Iraq, according to their ranking and the importance of developing physical, language, cognitive, behavioral, social, behavioral characteristics, as well as knowledge of characteristics according to their categories and rankings. The researchers used descriptive analytical approach to achieve the aims of the study. The questioner survey was consisted a 30 item kindergarten questioner survey, which included six areas of children development in kindergarten, the tool was taken from Alqarshy (2022), the two researchers extracted the validity and reliability, the translation validity and internal consistency were used, and the result was significant. Also, the validity was used by the Cronbach alpha coefficient and split-half, and the result was acceptable. The tool was consisted to a random sample of 170 teachers Kindergarten in (10) kindergartens of Sulaymaniyah city. The most prominent results were that the kindergarten curriculum in the Kurdistan Region/ Iraq, for the consideration of child developmental characteristics in general is very high. More ever consideration of characteristics according to the ranking the moral characteristics comes first, then social characteristics, then physical characteristics, then the language characteristics, then cognitive characteristics and finally the emotional characteristics comes in sixth place from the perspective of teachers to evaluate the kindergarten curriculum in the Kurdistan Region. In addition, consider the kindergarten program in the Kurdistan Region / Iraq, according to the items of physical, language, cognitive, behavioral, emotional, sociality and moral at a high level, the researchers made several recommendations based on the results of the study.
**Keywords**: Kindergarten curriculum - Developmental characteristics -Kindergarten teacher

## تقييم منهج رياض ألاطفال ومراعاة الخصائص النمائية للطفل من وجهة نظر المعلمات

**نزيرة صالح محمد**
قسم رياض،الاطفال كلية التربية الاساسيه،جامعة السليمانية، السليمانية
اقليم كوردستان- العراق
nazeera.mohammed@univsul.edu.iq

**ديمەن حمه علي**
مشرفة التربويه في مديرية العامه في التربية،محافظة السليمانية،
السليمانية ،اقليم كوردستان- العراق
dimanhamaali28@gmail.com

**ملخص**
تهدف هذه الدراسة إلى تحديد مستوى الالتزام منهج رياض الأطفال في إقليم كوردستان/العراق حسب ترتيبها وأهميتها في الخصائص الجسدية واللغوية والمعرفية والسلوكية والاجتماعية والسلوكية، وكذلك معرفة مستوى الخصائص تبعا لفقرات و الاولويتها. استخدم الباحثون الأساليب الوصفية التحليلية لتحقيق أهداف الدراسة، وتم جمع البيانات من خلال توزيع استبيان قياس مستوى رياض الأطفال المكون من 30 فقرة، والذي شمل ستة مجالات لتنمية أطفال رياض الأطفال نقل من دراسة القرشي (2022)، قامتا الباحثتان باستخراج الصدق و الثبات، باستخدام صدق الترجمة والاتساق الداخلي وكانت النتبجة دالة، وايضا لثبات استخدم معامل كرونباخ الفا و التجزئة النصفية وكانت النتيجة مقبولة. ، وزع استبيان على عينة عشوائية مكونة من (170) معلمة رياض أطفال) في محافظة السليمانية، كانت أبرز النتائج أن منهج رياض الأطفال في إقليم كوردستان/العراق، بالنسبة لمراعاة الخصائص النمائية للطفل بشكل عام كبير جدا، ومراعاة الخصائص حسب تسلسل الخصائص الاخلاقية تأتي في المرتبة الاولى ، ثم الخصائص الاجتماعية في المرتبة الثانية، و الخصائص الجسدية تأتي في المرتبة الثالثة، و الخصائص اللغوية في المرتبه الرابعة ، ثم الخصائص المعرفية في المرتبة الخامسة وأخيرا الخصائص الانفعالي تأتي في المركز السادس من وجهة نظر المعلمين لتقييم منهج رياض الأطفال في إقليم كوردستان، وفقا إلى بنود الخصائص الجسمية، اللغوية، المعرفية، السلوكية، الانفعالية و الاجتماعية، الأخلاقيه كان نتائج في مستوى كبير جدا، وأخيرا قدم الباحثون عدة توصيات و مقترحات بناء على نتائج الدراسة.

**الكلمات المفتاحية:** منهج رياض الأطفال – الخصائص النمائية – معلمة الروضة.